# بۆ دۆستانی داکۆکیکەر لە زنجیرەی درامای ئاریا

**پاش سلاو ڕێزم بۆ یەك بەیەکتان**

ئەزیزان هەڵوێست وەرگرتنی ئێوە لەبەرامبەر بەکۆتایهێنان بەپێشکەش کردنی درامای ئاریا جێگەی ڕێزو دەستخۆشییە !

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك سەرنج لەسەر شێوازی دەربڕینی ناڕەزایەکەتان بەدیدەکریٚ، کەبازدان بەسەریدا کارێکی ئاسان نیەو ڕەنگە زۆر کەسانی وەك ئێمە ناچاربکات بەوەی کەسەرباری هەر ئارەزویەکیش بۆ تۆمارکردنی ناوخۆی وپەیوەست بوون بە کەمپەینەکەتانەوە بەلام بەداخەوە نەتوانێت لەگەلتان هاوخەبات بێت. چونکە پێموایە شێوازیٚ کەئێوە گرتووتانە بەر ئەو ئامانجە ناپێکێت کە بتوانێت کاریگەری چارەنووسازی هەبێت وهەنگاوێکی بەهێزبێت بۆ کۆتایهێنان بەمجۆرە فتواداان و ڕێگرتنە لە ئازادی بەیان وبیروڕادەربڕیندا.

ڕێگە بدەن بابەر لەهیچ ڕوونکردنەوەو هەڵوێست گرتنێك، دەق وناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی کەمپەینەکەتان بخەینە ڕوو کە بەم شێوەیە: (( ئێمە وەك نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دژی ئەم هەوڵە هاوبەشەی کوردسات و مەلاکان دەوەستینەوەو بە توندی مەحکوومی دەکەین و بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەبەردەوام پێشاندانی دراماکە دەکەین وەك حەقێکی سەرەتایی بینەرو هەول و ماندووبوونی دەرهێنەرو ستاف دراماکە.))

بەڕێزان دڵنیام کە ئێوە خۆتان ئاگادارن لەوەی کە هەنگاوی یەکەمی پەرچەکرداری ئیسلامیەکان دژ بە درامای ئارایا، هەژاندنی بڵندگۆی مزگەوتەکان وهەڵخڕاندنی سۆزی لایەنگرانی حزبەکانی پشت مزگەوت بوو. پاشان مانۆڕلێدان و پەنابردن بۆ دەستەلات و کۆبوونەوە کردن لەگەل نووێنەری سەرۆك کۆمارو داواکردن لەپەرلەمان بۆ کۆتایهێنان بە درامای ئاریا. بەدڵنیایەوە ئەم هەنگاوانە نەکاری بەڕێکەوتن ونەتەنیا ئیشی کۆمەلێك مەلاوفەقێیە. بەڵکو گۆمان لەوەدا نیە کەکارێکی سازماندراو ئاشکرای لایەنە ئیسلامیەکانە. ئەوە ئەوانن کەنابێت چاوو دەنگ وهەڵوێستیان لەئاستا ڕاگێریٚ نەك کۆمەڵێك مەلاوپیاوی مزگەوت وخانەقا.

بۆیە بەبڕوای من تا کاتێك گۆشەیەك لە ئاراستەکردنی ئەم کەمپینە ڕوو بەلایەنە ئیسلامیەکان نەبێت، ئەوا کارێك کە ئەنجام دەدریٚ جیاواز لەویست وئارەزوی خۆتان سەرئەنجام جۆرێك لەپاکانەکردنە بۆ حزب ولایەنە ئیسلامیەکان کە سەرلەشکری شمشێر هەڵکێشان لەڕووی ئازادی بەیان وڕادەربڕیندا. هاوکات دیوێکی تری کێشەکە لایەنی بڕیاردەر لە پەیوەند بە کۆتایهێنان بە دراماکە حکومەت ودەسەلاتە نەك کەناڵی کوردسات. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئیسلامیەکان هەنگاوی دووهەمیان پاش بەرز کردنەوەی دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان، دانیشتن ودیداری کاربەدەستان ونووێنەری سەرۆك کۆماری عیراق بووە کە لە هەمان کۆبوونەوەی سیٚ قوڵی ئیسلامیەکان و کەناڵی کوردساتدا بەشداری کردوە بەهاودەنگی ئەو بەڕێزە زنجیرەی درامای ئاریا ڕاگیراوە.

ئەمە جگە لەوەی کە بە دڵنیای کەنالی کوردسات ئەگەر تەنیا لەبەر اعتباری کەنالەکەی خۆشیان بووبێت بەبیٚ هێماو هەڵوێستی دەسەلات ملی نەدەدا بە ڕێگەچارەیەك کە سەرئەنجام ناچاربێت بەوەی کە پێشکەشکردنی زنجیرە دراماکە ڕاگرێت. لایەنێکی تری ئەم مەسەلە ئەوەیە کە ئایا ئێوە پرسیارتان لەخۆتان کردوە ئەگەر هاتوو سبەی ئەو قەمەکێشانە دەرهێنەر یان ئەکتەرێکی ئەم بەرهەمەیان تیرۆرکرد ئایا ئەو کاتە کیٚ بەرپرسیارە؟ کەناڵی کوردسات وئەو مەلایانەی کەئێوە لەغەیبا باسیان دەکەن ومعلوم نیە کەکیٖن. ئەوکاتە ئەگەر لەپاڵ هەر ئیدانە کردنێکیشدا چەند کەمپەینی تر بەرپا بکرێت دژ بە تیرۆری هەر کەسێك کاریکی بیٚ سەمەرە. بۆیە پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئاراستەی کەمپەینەکە لەبەرامبەر دەستەلاتدا بێت. چونکە ئەوە دەسەلاتە دەبیٚ ئەمنیەت وئاسایشی هاولاتیان بپارێزیٚ، ئەوە دەسەلاتە کە دەبێت یاساو ڕێسای خۆی هەبێت لە پەیوەند بە ئازادی بیروڕاو ئازادی بەیاندا !

دوا سەرنجم لە پەیوەند بەئەسڵی کێشەکەیە کە پێشلکردنی ئازادی بەیان وبیروڕا دەربرینە کەبەداخەوە نەبووەتە

**محوەری سەرەکی کەمپەینەکەی ئێوە. بەبڕوای من کێشەی سەرەکی لەبارەی ڕاگرتنی درامای ئاریاوە ڕێگرتنە لە ئازادی بەیان و ڕادەربرین، نەك ئەوەی کە(پێشاندانی دراماکە حەقێکی سەرەتایی بینەرو هەول وماندووبوونی دەرهێنەرو ستاڤ دراماکە). هەتا ئەگەر ئەوە دروستیش بێت کە مافێکی سەرەتای بینەرە سەیری دراماکە بکات، بەلام ئەمە ئەسڵی کێشەکە نیە. ئەگەر سبەی ئیسلامەیەکان 20 هەزار کەسیان هێنایە سەرشەقام و وتیان ئێمە نامانەوێت درامای ئاریان ببینین، ئایا ئەوکاتە دەبیت ڕیفراندۆم بکەین تا بزانین چ لایەنێك زۆرینە بەو پێیە بڕیار بدەین ؟ !! ئایا بەڕاستی ئەمە پەراوێزکردنی ئەسڵی ئەو کێشەیە نیە کە دەبێت هەمووومان لەسەری بینە مەیدان کە داکۆکی کردنە لە ئازای بەیان و بیروڕادەبڕین ؟**

**بەهیوای هەنگاوێکی مەزنتر لە پێناوی ئازادی بەیان وبیروڕادەربڕیندا**

**لەگەل ڕێزی دووبارەمدا ڕێبوار عارف** / 2007 / 6 / 24 fediraq@welho.com